# ململانێی نێوان دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە روانگەی بیروباوەری نەتەوەییەوە!

سیروان کاوسی

((٢٠))

**هێرشی بروسکەئاسای پێشمەرگە و، ئازادکردنی شاری بۆکان!**

*(شەڕی سێ مانگە!)*
*٢٨ی گەلاوێژ تا ٢٦ی گەلارێزانی ١٣٥٨ی هەتاوی*
*(١٩٧٩ی زاینی)*

سەرلەبەیانی رۆژێکی سەرەتای مانگی گەلارێزانی سالّی ١٩٧٩، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، کە لە ٨ پێشمەرگە و سێ ئەندامی سەرکردەیەتیی پێکهاتبوون، پاش نێزیکەی بیست سەعات بڕینی رێگەی رژد و هەوراز و نشێو و هەلّەمووت و پەڕینەوە لە زێ و رۆباران و تێپەڕبوون بەنێو زەنوێر و مێرگەلان و زۆنگ و زەمەند و کانیاو و داوێنی دلڕفێنی کۆساران و، شەکەتی و هەڵەنگوتن، لە سەرسنوور و نێوچەی ئالانی سەردەشتەوە گەیشتنە گوندی "گەغان" ی نێوچەی "گەورک" و "موکریان"ی لانک و مەلّبەندی نیشتمانپەروەران و هەلّبەستڤان و نووسەر و رۆناکبیران. "گەورک" و موکریان"، دوو نێوچەی پان و بەرین و بەسەتان گوندیان لەخۆگرتووە و لەنێوان سنووری ئیداری شارەکانی سەقز و بۆکان و مەهاباد و میاندووئاو دا هەلّکەوتوون. داهات و بژێوی زۆرینەی دانیشتووانی لەرێگەی کشتوکالّی و ئاژەلّدارییەوە دابین دەکرێ.

سەرەتای دروستبوون و جموجووڵی پێشمەرگە بوو، خەلّک بەتێکڕا، زۆر تامەزرۆی دیتنی پێشمەرگە بوون، چۆنکە لە راپەڕینەکەی سالانی ٤٦ – ٤٧ی هەتاوی (٦٧- ٦٨ی زاینی) بەملاوە، پێشمەرگەیان نەدیتبوو. سالانی ٦٧-٦٨، ژمارەیەک لە رۆلّە تێکۆشەرەکانی رۆژهەلات، لەوانە کاک سلێمانی موعەینی، مەلا ئاوارە، کاک سمایلی شەریفزادە، مینە شەم و سدیق هەنجیری و، دەیان تێکۆشەری دیکە، لەدژی رژێمی حەمەرەزاشا، شەڕی چەکدارییان بەرپاکرد و، سەردەمانێک بە گەورک و نێوچەکانی دیکەی رۆژهەلات، بەنێو گوند و شاخ وداوێنی هەردەکانیدا سووڕابوونەوە و، چالاکییان ئەنجامدابوو. ئیدی لەوکاتە بەملاوە و، تا سالّی ١٩٧٩، دیکتاتۆری و شەوەزەنگی پەهلەوی، بالّی بەسەرتاخواری رۆژهەلاتی کوردستاندا کێشابوو.

پاش ئەو ماوە دووورودرێژە، کاتێ پێشمەرگەکانی کۆمەلّە گەیشتنە نێوچەی گەورک و موکریان، رووەڕووی پێشوازیی گەرمی خەلّک بوونەوە. پێشمەرگەکانیش دەچوونە هەر گوندێک، خەلّکەکەیان لە مزگەوت کۆدەکردەوە و لەبارەی پیلان و هێرشی دڕندانەی هێزەکانی رژێمی ئێران دەدوان و، سیاسەت و ئامانجەکانی کۆمەلّەیان شیدەکردەوە بۆیان.

حەفتەیەک دواتر، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە فەرماندەیەتیی شێخ عەلی، هەروەها دەستەیەکی دیکەی پێشمەرگەی کۆمەلّە کە لە نێوچەی مەهابادەوە هاتبوون، هەموویان لەنێوچەی گەورگی سەقز یەکیانگرت. سەرەتا، لە شارەدێی "تورجان" بنکەی سەرەکییان دانا کە دەکەوێتە ٢ فرسەخی شاری بۆکانەوە. ماوەی چەندین رۆژ بە گوندەکانی دۆلّی تورجان و کۆنترۆلکردنی جادەی نێوان سەقز – بۆکان دا هاتوچوویان کرد، شەوانەش بە رێگەی جادە و پردی "میراوا" دا دەچوونە نێو شاری بۆکان و، تەقەیان لە بنکەکانی چەکدارەکانی رژێم دەکرد و، پاش ئەنجامدانی چالاکییەکەیان لە شار دەچوونە دەرەوە.

**شاری بۆکان ئازاد دەکرێ و، جەماوەری شار و دێ، جێژنی سەرکەوتن، بەشکۆی تەواوەوە بەرێوەدەبات!**

رۆژەکانی ٧ و ٨ی مانگی گەلارێزان، بۆماوەی دوو شەو و دوو رۆژ، تەقەی چەکی جۆراوجۆر و ویزە ویزی گوللە، لەنێو شار بێوەستان بەردەوام بوو. لە سەقزەوە، تا لای ئێوارێ و داهاتنی تاریکی، هەلیکۆپتەر دەهاتنە سەر ئاسمانی بۆکان و بەهەمولایەکدا گوللەیان دەپژاند. پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکراتی